# ئانارشیزم ، مەرگ و ژیان

« ڕێم بدە خەیاڵکەم لەنێو ئەو ئەستێرانەدا، ئەستێرەیەک
هەیە، کە لەنێو بومولێڵی نامۆی ژیاندا چاوساخیم دەکا»

ڕابیندرات تاگور

و. لە فارسی‌یەوە: [هەژێن](hezhean.blogspot.com)

[hezhean.blogspot.com](hezhean.blogspot.com)

ئانارشیستەکان ڕۆڵێکی چەندانیان لە بزوتنەوەی کرۆنشتاتدا نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا نابێ لەبەرچاوی نەگرین، کە کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کرۆنشتاد داوای لە دوو کەس لەوان کرد، کە بە بزوتنەوەکەوە پەیوەست بن. کەسی یەکەم « یار چوک Yartchouk » دامەزرێنەری سۆڤیەتی کرۆنشتاد لە 1917دا و ئەوی‌تر ڤۆلین بوو. بەڵام ئەم بانگەوازە بێسەرەنجام مایەوە، لەبەر ئەوەی کە هەردووکیان لەو کاتەدا لە چنگ بۆلشەڤیکەکاندا دەستبەسەربوون. بە وتەی « ئیدا مێت Ida Mett » مێژونووس و نووسەری پەرتووکی « ڕاپەرینی کرۆنشتاد La Revotle De Cronstad » « کارایی ئانارشیستەکان لەسەر کرۆنشتاد تەنیا لەو ڕوانگەوە دەکرێ ناو بهێنرێت، کە ئانارشیزمیش ڕاگەیێنەری تێڕوانینی دیموکراسی کارگەری بوو». بەهەر بارێکدا هەرچەندە ئانارشیستەکان دەستبەکاربوونیکی ڕاستەوخۆیان لە ڕاپەرینەکەدا نەبوو، بە هی خۆیانیان زانی.

ڤۆلین دواتر نووسی: « .... کرۆنشتاد یەکەمین هەوڵی تەواو سەربەخۆی جەماوەری بوو بۆ ڕزگاربوون لە کۆتی هەرجۆرە دەسەڵاتێک و هەڵگیرساندنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی . ئەم هەوڵە بەدەستی خودی جەماوەری زەحمەتکێش، ڕاستەوخۆ بەبێ هانابردن بۆ شوانە سیاسییەکان، ڕابەران، سەرپەرشتیگەران (ولی امر) ئەنجامدرا.» ئەلێکساندەر بێرکمان یش وتی : « کرۆنشتاد، ئەفسانەی دەوڵەتی پرۆلیتێری کردە نەخشەی سەرئاو و سەلماندی کە لەنێوان دیکتاتۆری پارتی کۆمونیست و شۆڕشدا بواری هیچ جۆرە سازشێک نییە»!

سەرەڕای نەبوونی خۆتێهەڵقورتانی ڕاستەوخۆی ئانارشیستەکان لە ڕاپەرینی کرۆنشتاددا، سەرکوتی ئەم ڕاپەرینە بیانوویەکی گونجاوی دایە دەست دامودەزگەی فەرمانڕەوا تاوەکو کێشەی لەگەڵ ئانارشیزمدا کە هێشتاکە ترسێکی گەورە بوو بۆی، یەکلایی بکاتەوە! چەندە هەفت پێش سەرهەڵدانی یاخیبوونەکە، واتە ڕۆژی هەشتەمی فێبریوەری 1921، کرۆپۆتکینی بەساڵاچوو، لە خاکی ڕوسیەدا مرد. بەخاکسپاردنی وی بەڕێکردنێکی پڕشکۆی بەخۆوەگرت. بەشداربووانێک، کە ژمارەیان لانیکەم سەد هەزار کەس دەبوو، تەرمی وییان بەخاک دەسپارد. ئاڵای ڕەش و سووری گروپە ئانارشیستەکان ئامێتەبوون. لەسەر ڕەشی ئاڵاکان بە خەتێکی سوور ئەم دەستەواژە بەرچاو دەکەوت : « لە هەرکوێ دەسەڵات هەبێ ، ئازادی بونی نییە » .

نووسەرانێک، کە لەمەڕ کۆپۆتکینەوە نووسیویانە، ئەم خۆپیشاندانە وەک « دواهەمین خۆنواندنی گەورە لە دژی سەرکوتی بۆلشەڤیکەکان» ناودێنن. بەشداربووان تێیدا «نەک تەنیا بۆ ڕێزلێنان لە کۆپۆتکین، بەڵکو هەروەاش بۆ داخوازی جێگیرکردنی ئازادی بەشدارییان تێداکرد». پاش سەرکوتی کرۆنشتاد، سەدان ئانارشیست دەستبەسەرکران. چەند مانگ دوای ئەوە،

ئازادیخوازێک بەنێوی (( فانی بارون Fanny Baron )) و هەشت کەسی‌تر لە هاوەڵەکانی لە سیاچاڵەکانی زیندانی ((چکا ))دا لە مۆسکۆ، گولەباران کران.

گولەی ڕزگاربوون نرا بە مێشکی ئانارشیستی خەباتکارەوە. لەم بارەدا لەدەرەوەی ڕوسیە، ئەو ئانارشیستانەی کە ئەزموونی ڕوسیەیان تێپەڕاندبوو، بە فراوانی کەوتنە ڕەخنە و پێداچوونەوەی بیروبۆچوونەکانی خۆیان، تاوەکو بیری ئازادیخوازانە هەرچی فرەتر بەرجەستە بکەن. لە سەرەتای سێپتەمبەری 1920دا کۆنگرەی یەکێتی ئانارشیستەکانی ئۆکرانیا (( نابات Nabat )) بە ڕاشکاوی «دیکتاتۆری پرۆلیتاریا» کە ناچار کاری بە دیکتاتۆری بەشیک لە پرۆلیتاریا (بەشێک، کە لە پارتدا ڕێکخراوە) فەرمانبەران و مشێک لە ڕابەران کۆتایی دێت، ڕەتکردبووەوە. کۆپۆتکین‌یش کەمێک بەر لە مردنی، نیگەرانی خۆی لە پەرەسەندنی «دیوانسالاری تەواوعەیار» لە وڵاتدا دەربڕیبوو: « بە بڕوای من، هەوڵدان بۆ بنیاتنانی کۆماری کۆمونیستی لەسەر پایەکانی دەوڵەت و توندوتیژی ناوەندێتی گەرایانە و لەژێر زۆری یاسا ئاسنینەکانی دیکتاتۆری تاکپارتی، بە شکستێکی گەورە کۆتایی دێت. ڕوسیە نیشانیداین، کە بۆچی نەدەبوو مل بە کۆمونیزم بدرێت».

ڕۆژنامەی فەرەنسایی (( ئازادیخواز Le Libbertaire)) لە ژمارە 14ی 7ی جێنیوەری 1921 خۆیدا، بانگەوازێکی پڕورەی ئانارکۆسەندیکالیستەکانی ڕوسیای بۆ پرۆلیتاریای جیهان، بڵاوکردەوە : « هاوڕێیان، وەک ئێمە کۆتایی بە فەرمانڕەوایی بۆرژوازی لە وڵاتەکانتاندا بهێنن! بەڵام وریابن، هەڵەکانی ئێمە دووبارە نەکەنەوە! نەهێڵن کۆمونیزمی دەوڵەتی ببێتە فەرماڕەوایی وڵاتەکانتان».

ئانارشیستی ئاڵمانی، (( ڕۆدۆلف ڕۆکەر R . Rocker ))یش لە ساڵی 1920دا پەرتوکێکی بەناوی «شکستخواردنی کۆمونیزمی دەوڵەتی» نووسی و لە ساڵی 1921دا بڵاوی کردەوە! ئەمە یەکەمین ئەزموون و لێکدانەوەی سیاسی بوو لەمەڕ شێواندنی شۆڕشی ڕوسی. لە ڕوانگەی ((ڕۆکەر))ەوە «دیکتاتۆری پرۆلیتێریانە نەک دەربڕی خواستی چینێکی کۆمەڵایەتی، بەڵکو دیکتاتۆری پارتی بوو، کە پاگەندەی نوێنەرایەتی چینی کارگەری دەکرد، لەگەڵ ئەوەی کە تاکە پشتوپەنای دەسەڵاتی سەرەنێزەکانی بوو، لەپشت پەردەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا، چینێکی تازە سەریهەڵداوە و پەرەیسەندووە، چینی کۆمیسارەکان یا کۆمیسارسالاری، ئەوڕۆکە جەماوەری بەرینی خەلکی، دەمکوتگەری ئەم چینە بە هەمان ئەندازە هەست پێدەکەن، کە دوێکە لە سایەی دەمکوتگەری ڕژێمی پێشوودا هەستیان پێدەکرد».

کاتێک، کە گشت توخمەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بە زۆر و بەتەواوی بکێشینە ژێر فەرمانی حکومەتی تەواو سەرپشک، ئەنجامەکەی «شتێک واوەتر لە زنجیرە پلەوپایەی فەرمانبەری نابێت و ئەمە چارەنووسی بێگەڕانەوەی شۆڕشی ڕوسیا بووە». «بۆلشەڤیکەکان نەک تەنیا دەزگەی دەوڵەتی سەروەریان لە کۆمەلگەی پێشووتر بە پوختی وەرگرت، بەڵکو وەها دەسەڵاتێکیان پێبەخشی کە هیچ حکومەتێکی‌تر لەم وڵاتەدا ئەوەی لە توانادا نەبوو»!

لە مانگی جونی 1992دا گروپێک لە ئانارشیستە پەنابەرەکان لە ئاڵمان، پەرتوکێکی گچکە و پەردەهەڵماڵەرانەیان بەناوی «سەرکوتی ئانارشیزمی روسیەی سۆڤیەتی» بڵاوکردەوە، کە بە خامەی ئا. گۆریێلیک A . Gorielik ، ئا. کۆمۆڤ A.Komoff ، گ.پ. ماکسیمۆڤ G.P. Maximoff ڤۆلین Volin نووسرابوو! ڤۆلین بەخۆی لە ساڵی 1923دا ئەو پەرتووکەی وەرگێڕایە سەر زمانی فەرەنسی. ئەم پەرتووکە لیستی ناوی گیانبەختکردووانی ئانارشیستی بەپێی ئەلفوبێ تێدابوو.

ئەلێکساندەر بێرکمان لەساڵی 1920 و 1922دا، ئیما گۆڵدمان لە ساڵی 1922 و 1923دا نامیلکەی فرەیان لەبارەی ئەو ڕووداوە ناخۆشانەی کە لە ڕوسیەدا دیتبوونیان، بڵاوکردەوە!

ئەو «ماخنۆڤیست»انەش، کە گیانیان دەربازکردبوو و پەنایان بۆ ڕۆژاوا هێنابوو، لەوانە پیر ئارشینۆڤ و خودی نەستۆر ماخنۆ، هەرکەسە و ئەوەی دیتبووی بڵاوی کردەوە. پاش ماوەیەکی زۆر، لە سەردەمی شەڕی جیهانی دووەمدا، دوو بەرهەمی گەورە و سەرەکی ئازادهزران لەبارەی « شۆڕشی ڕوسیە »وە بە خامەی گ. پ. ماکسیمۆڤ G.P. Maximoff و ڤۆلین Volinەوە نووسران و چاپکران. ئەم دوو بەرهەمە بەخۆیان گەواهییەک (شاهیدییەک) بوون لەسەر تێپەڕینی ساڵانێکی دوورودرێژ و بەئەزموونی ئەندێشەکان لای ئانارشیستەکان.

ماکسیمۆڤ گەواهی خۆی بەزمانی ئینگلیزی بلاوکردەوە: لەسەر ئەو بڕوایە بوو، کە وانەکانی ڕابوردوو، مسۆگەرکەری داهاتوویەکی باشترن. چینی فەرمانڕەوای تازە لە سۆڤیەت ناتوانێت و نابێت بۆ هەمیشە درێژە بەژیانی خۆی بدات و سەرەنجام سۆشیالیزمی ئازادیخوازانە بەسەریدا سەردەکەوێ! هەلومەرجی خۆیی (عینی) وەها ئاڵوگۆڕێک دەکەنە شتێکی بێگەڕانەوە: « ئایا شیاوی ملپێدانە (...) کە کارگەران خوازیاری گەڕانەوەی سەرمایەداران بۆ کارخانەکان بن؟! هەرگیز! لەبەر ئەوەی کە بە ڕوونی لەدژی بەهرەکێشی دەوڵەت و دیوانسالارانەیە، کە وان ڕوویان لە یاخیبوون کردووە. « ئەوەی کارگەران دەیخوازن، ئەوەیە کە لەجێی سیستەمی بەڕێوەبردنی زۆرەملێیانانەی بەرهەمهێنان، ڕێکخراوی سۆڤیەتی کارخانەکانی خۆیان، کە لە فیدراسیۆنی بەربڵاودا یەکدەگرن، دابنێن. ئەوەی کارگەران دەیانەوێت، خۆبەڕێوەبەری کارگەرییە. بەمشێوەیە وەرزێڕانیش بەباشی هوشیارن، کە ئەوڕۆکە پرسی گەڕانەوە بۆ ئابوری تاکەکەسی لەبنەڕەتدا پێشنیار نییە و تەنیا ڕێگەچارە کشتوکاڵی هەرەوەزی و گشتکاری گوندنشینان لەگەڵ سۆڤیەتەکانی کارخانە و سەندیکاکان و بەکورتی پەرەدانە بە بەرنامەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ئازادیدا».

لە ڕوانگەی (ڤۆلین)ەوە هەر هەوڵێک، کە بە سروشوەرگرتن لە ئۆلگوی (مۆدێلی) ڕوسیەوە سەربگرێت، بەرهەمەکەی بێجگە لە «سەرمایەداری دەوڵەتی لەسەر بنەمای بەهرەکێشی جەماوەر»، شتێکیتر نابێت. هەروەها ئەمە گەندەڵترین جۆری سەرمایەدارییە و هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ «بزووتنەوەی مرۆڤایەتی بەرەو کۆمەڵگەیی سۆشیالیستی» نییە. وەها ئۆلگوگرتنەوەیەک ناتوانێت بێجگە لە «دیکتاتۆری تاکپارتی، کە ئەنجامە سەپێنراوەکەی لەنێوچوونی هەرجۆرە ئازادییەکی ڕادەربڕین، چاپەمەنی، ڕێکخراوبوون و تەنانەت کارکردن بۆ جوڵانەوە شۆڕشگێڕەکان و پاراستنی بەرتەری (امتیاز) تەنیا بۆ پارتی فەرمانڕەوا» بێجگە لە «پشکنینی بیر و باوەڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەربەستکردنی لافاوی شۆڕش» ئەنجامێکیتر بەدەستەوە بدات.

ڤۆلین، پێیوایە کە ستالین «لە ئاسمانەوە نەباری بوو»، ستالین و ستالینیزم بەرەنجامی لۆژیکیانەی (منطقی) سیستەمێکی زۆرەملێیانەن، کە لە ساڵەکانی 1918 – 1921 پایەڕێژی و جێگیرکرا. «ئەمەیە وانەی جیهانی ئەزموونێکی گەورە و دیاریکەری بۆلشەڤیزم. وانەیەک، کە لەبەر ڕۆسنایی ڕووداوەکانی داهاتوودا، بەزوویی بۆ گشت ئەوانەی، کە ئازارا دەتلێنەوە و دەچەوسێنەوە، ئەوانەی کە بیردەکەنەوە و خەبات دەکەن، دەردەکەوێت.

ئەم وتارە لەم سەرچاوە وەرگیراوە : http://anarchi.persianblog.com